گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانی پەخشکردنی دراما بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان

**سورێن ئەکرەم حمەنجم**

بەشی کۆمەڵناسی, کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان , زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

surenakram30@lfu.edu.krg

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

**وەرگرتن:** ٢٠٢٠/٩/٤

**پەسەندکردن:** ٢٠٢٠/١٠/٢٢

**بڵاو کردنەوە:** زستانی ٢٠٢٠

## ووشە سەرەکییەکان

*Tellivion, Drama, foregion Drama, social impact, psychological Impact, economicl impat*

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.5.4.05

## پوختە

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان خراوەتە ڕوو کە بریتییە لە (گرفتی توێژینەوەکە، گرنگی توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە). بەشی دووەم تایبەتە بەمێژوو؛ لایەنەباش و خراپەکانی تەلەفزیۆن، ئاماری دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستان. لە بەشی سێیەمدا هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی دراما بیانییەکان لە کوردستان باسکراوە و جەخت لە هۆکارە (سیاسی، هونەری، ئابوریی، کۆمەڵایەتی) یەکانی پەخشکردنی دراما بیانییەکان کراوە. بەشی چوارەم تایبەتەبە (میتۆد، کۆمەڵگە، بوارەکان، نمونە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری)ی توێژینەوەکەمان. بەشی پێنجەم تایبەتە بە(خستنەڕووی زانیارییە بەدەستهاتووەکان، ئەنجام، پێشنیاز، ڕاسپاردەکان)ی توێژینەوەکە. لە کۆتایشدا سەرچاوەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

## 1. پێشەکی:

دراما دۆبلاژكراوەكان بونەتە دیاردەیەكی بەرچاو لە هەرێمی كوردستان؛ ئێستا لە زۆربەی كەناڵەكان بە(ناوخۆیی و ئاسمانی)ییەوە پەخش دەكرێن و كاتی تایبەتیان بۆ تەرخان كراوە. ئەم درامایانە چەندین كاریگەری و شوێنەوار لەسەر تاك و كۆمەڵگە بەجێ دەهێڵێن بۆیە لە پای ئەوەدایە توێژینەوەی لەسەر بكرێت.

## تەوەرەی یەكەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەكە

## بەشی یەكەم: ڕەهەندەكانی توێژینەوەكە و دیاریكردنی چەمكەكان

### یەكەم: ڕەهەندەكانی توێژینەوەكە

1. گرفتی توێژینەوەكە :

دراما بیانییەكان یەكێكن لەو بابەتانەی كە جێگای توێژینەوە و تێڕامانن؛ چونكە یەكێك لە بابەتە هەرە سەرەكیەكانی پڕكردنەوەی كات لە كەناڵە كوردییەكاندا بریتین لەم درامایانە. لەم ڕوانگەیەوە ئەم پرسە بۆتە جێگای سەرنج و تێڕامانی ئێمە؛ جێگای پرسیارە ئایا پێویستە ئەم هەموو درامایە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی كوردی؟ ئایا چ شوێنەوارێك و كاریگەرییەكی بەدوای خۆیدا هێناوە؟ ئەمەشە بۆتە گرفتی توێژینەوەكەمان؛ كە بریتییە لەڕوونكردنەوە و دەرخستنی (شوێنەوارە كۆمەڵایەتییەكانی پەخشكردنی دراما بیانییەكان لە هەرێمی كوردستان).

**2. گرنگی توێژینەوەكە :**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەلایەنی تیۆریەوە بریتییە لە دەرخستنی كاریگەری دراما دۆبلاژكراوەكان لەسەر بەهاكانی كۆمەڵگە، دەرخستن و نیشاندانی لێكەوتە خراپەكانی دراماكان و كاریگەری لەسەر دەرونی تاكەكانی كۆمەڵگەكەمان. هەروەها لە لایەنی پراكتیكیشەوە لەرێگای ئەو ئەنجامانەی كە لەم توێژینەوەیە دەست دەكەوێت، بەرچاو ڕوونی و تێگەیشتنمان دەداتێ تاكو لایەنی پەیوەندیدار فلتەر و یاسای تایبەت بۆ پەخشكردنیان دابنێت تاكو بەهۆیەوە بتوانرێت ڕێگا لە بڵاوبونەوەی كاریگەرییە خراپەكان بگرین.

**3. ئامانجی توێژینەوەكە:**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە لە دوو خاڵ خراوەتەڕوو کە بریتین لە :

ا. ئایا سەرەکی ترین هۆکارەکانی پەخشکردنی دراما بیانییەکان چین لە هەرێمی کوردستان؟

ب. ئامانجمان پیشاندان و ڕونکردنەوەی زیانەکانی پەخش کردنی دراما دۆبلاژکراوەکانە لە هەرێمی کوردستان.

**باسی دووەم: ناساندنی چەمکەکان**

1. شوێنەوەری کۆمەڵایەتی social impact

شوێنەوار بریتییە لەو هەلومەرجەی دوای ڕوودانی ڕوداوێك دروست دەبێت؛ واتا پاشکۆی ڕوداوێکە کە دەکرێت سروشتی یان کۆمەڵایەتی بێت. گۆڕاوی یەکەم کە ڕوداوێکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر گۆڕاوی دووەم (پاشکۆ) هەیە، بەگۆڕانی ڕێژەی ڕووداوەکان ڕێژەی شوێنەوارەکانیش دەگۆڕێت (Eleonora Belfiore and Oliver Bennett,2008,p13 ) شوێنەوەری کۆمەڵایەتی چەندین جۆری هەیە وەك( سیاسی، ئابوری، دەرونی،... هتد) و یەکێکە لە لێکەوتەکانی گۆڕان لە کۆمەڵگەدا کە دەکرێت پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ، بە بەرنامە یان بێبەرنامە بێت (M.J.CAMPBELL,1993,p71) کەواتە دەتوانین بڵێین شوێنەوەری کۆمەڵایەتی بریتییە دۆخی دوای ڕوداوەکان کە دەکرێت باش یان خراپ بێت، هەتا ڕوداوێك ڕونەدات شوێنەواریش ڕونادات؛ ئەم شوێنەوارە کاریگەری لەسەر بونیادەکانی کۆمەڵگە و ژیانی تاکەکان هەیە.

2. دراما Drama

درامای تەلەفزیۆنی، بریتییە لە زنجیرەیەکی هونەری یەك لەدوای یەك کە لە تەلەفزیۆندا پەخش دەکرێت و دابەشدەکرێت بۆ چەند ئەڵقەیەك، هەر ئەڵقەیەکیش بەشێکە لە زنجیرە دراماکە ( Ying Zhu,2008,p47) هەموو ئەڵقەیەك لە دراما ڕووداوێکی دیاریکراومان پێشکەش دەکات و دواتر لە خاڵێکی دیاریکراودا دەپچڕێت، پاشان لە ئەڵقەی دواتردا ڕووداوەکە تەواودەبێت، دراما چەند جۆرێکی هەیە وەك: (کۆمیدی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی،...)(Elizabeth Thomason, 2001, p54) دراما

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هونەرێکی تەلەفزیۆنی بینراوە و بەرهەمی سەدەی بیست و یەکە، بەگشتی هەڵقوڵاوی ژیانی کۆمەڵایەتییە بەوەی ژیان (چۆن بووە؟ چۆنە؟ دەبێت چۆن بێت؟...) یەکێک لە مەرجەکانی دراما ئەوەیە زیاتر بێت لە شەش زنجیرە و زیاتر لە پانزە ئەکتەری تێدابێت ئینجا بە دراما هەژمار دەکرێت. (Joe Winston,1998,p77) کەواتە دەتوانین بڵێین دراما هونەرێکی بینراوی مۆدێرنە و لە تەلەفزیۆنەکان پەخش دەکرێت، ئەم جۆرەی هونەر؛ مێژوویەکی درێژی نییە و بەچەندین شێوە ڕوداواکان دەخاتە ڕوو کەتێیدا شوێنەواری باش و خراپ لەسەر تاک و کۆمەڵگە بەجێ دەهێڵێت.

3. درامای بیانی Foreign Drama

هەر دراماییەک بەرهەمی ناوخۆ نەبێت و بەزمانێکی دیکەبێت بە درامای بیانی هەژمار دەکرێت (Kent Cartwright,1999,p51) درامای بیانی ئەو بەرهەمە هونەرییانەن کە لە شوێن و زمانێکی دیکە بەرهەم دێت و پاشان وەردەگێڕدرێتە سەر زمانەکانی دیکە (Lance Lee, 2005,p103) بەمانایاکی دیکە درامای بیانی هەڵقوڵاوی سیستەمێکی (سیاسی، ئابوری، کەلتوری، دەرونی....) ترە و بەهۆی جیاوازی ئەم بونیادانەوە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر تاک و کۆمەڵگەکانی تر هەیە(Walter J. Meserve &Ruth I. Meserve, 1970, p91) کەواتە دەتوانین بڵێین دراما بیانییەکان ئەو بەرهەمە هونەرییانەن لە جیهاندا بڵاون و وەردەگێڕدرێنە سەر چەندین زمان، بەهۆی جیاوازییەکانی نێوان ولاتان؛ شوێنەوار و کاریگەری جیاواز دروست دەکات و جۆرێکە لە هێزی نەرم بۆ سەپاندنی هەژمونی ولاتێک لەسەر وڵاتێکی تر.

## بەشی دووەم: مێژووی تەلەفزیۆن و لایەنە باش و خراپەکانی

### یەکەم: مێژووی تەلەفزیۆن

تەلەفزیۆن ووشەیەکی ئینگلیزییە، Tell واتە لە دوورەوە، Vision واتە بینین لێکدراوی هەردوو ووشەکە دەبێتە ( بینین لەدوورەوە television)، ڤلادیمێر زوریکین ی ڕوسی پاش کۆچکردنی بۆ ئەمریکا بە هاوکاری کۆمپانیای (وستنجهاوس) توانی (ئیکۆنۆسکۆپ) واتە چاوی کامیرای تەلەفزیۆن

دابهێنێت، هەروەها زانایەکی تر بەناوی (فیلۆ فارتزورس) توانی کامیرای تەلەفزیۆنی پەرە پێبدات. (ئەلین دۆمۆنت) توانی یەکەم ئامێری وەرگری تەلەفزیۆنی دابهێنێت، (جۆرج لۆجی بەیرد) لە لەندەن لە ساڵی 1924 یەکەم سیستەمی تەلەفزیۆنی خستە ڕوو و ناوی نا( Analog) یەکەم پەخشی حکومی لە ئەمریکا بوو لەنێوان واشتنۆن و نیۆرك لە 1927/7/7، یەکەم وێستکەی تەلەفزیۆن کە کرایەوە وێستگەی (سکنکتادی) لە نیۆرك بوو لە 1928/3/11 و یەکەم پەخشی ڕێکوپێك کەناڵی NBC بوو لە ساڵی 1935. (ڕابەر ڕەشید، 2008، لا55)

## دووەم: لایەنە باش و خراپەکانی تەلەفزیۆن

### أ) لایەنە باشەکانی ئامرازی بینراو:

1. دەکرێت ڕاستەوخۆ ڕووداوەکان پەخش بکرێت.
2. بۆ کاری بانگەشە و ڕێکلام، ڕۆڵێکی گرنگتر دەبینێت بە بەراورد لە سەر ئامرازی نووسراو و ڕادیۆ.
3. کاریگەری لە سەر جەماوەر زیاترە.
4. هەر دوو لایەنی گوێ و چاوی جەماوەر بەگەڕ دەخات؛ کەچی ئامرازەکانی تر وانین.
5. تەلەفزیۆن ئامرازێکی گرنگە کە تاکەکانی خێزان و برادەران، تانانەت خەڵکی نەناس لە یەك شوێن وەکو قاوەخانەکان و شوێنە گشتییەکان کۆدەکاتەوە.
6. ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ گەشەپێدانی کولتووری و ڕۆشنبیری.
7. دەتوانێت ڕای گشتی دروست بکات.
8. دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی کاتی دەست بەتاڵی.
9. بینین و بیستن لەیەك کات پێکەوەیە و زیاتر لە هەموو ئامرازێکی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنرێت بۆ پشوو سازی.

### ب) لایەنە خراپەکانی ئامرازی بینراو:

1. فیدباکی زۆر کەمە و ناکرێت بزانرێت کە ڕێژەی کاریگەریی تەلەفزیۆن لە سەر جەماوەر چەند و چۆن بووە، مەگەر لە ڕێگای ڕاپرسی و وەرگرتنی بۆچونیان نەبێت.

2. زۆر لە زانایان پێیان وایە کە تەلەفزیۆن بۆتە هۆی تێکچونی پەیوەندییەکانی خێزانی؛ چونکە تاکەکانی ناو خێزان زۆربەی کاتەکانی خۆیان لەگەڵ بینینی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن تەرخان کردووە.

3. زۆر لە فیلمەکان و بەرنامەکانی تەلەفزیۆن دەبنە هۆی بڵاوکردنەوەی کولتوری لادان و خراپەکاری. (فائز ئیبراهیم، دەرسگوتار، 2013)

## سێیەم: تایبەتمەندییەکانی تەلەفزیۆن

1.جەماوەری و فراوانی پەخش :

تەلەفزیۆن توانای بەزاندنی بەربەست و نەخوێندەواری هەیە، توانای ئەوەی هەیە بگاتە بەردید و گوێی جەماوەرێکی جیا لەئاست و پلەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، هەموو ئەو پێشقەچوونە یەك بەدوای یەکەکانی پیشەسازی ئامێری تەلەفزیۆن بەخۆیەوەی بینی ،وای کردکەئەم ئامێرە بگاتە دەستی زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵ،جیا لەئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستیان.

2.فراوانی توانستە تەکنیکی و هونەرییەکان: لە تەلەفزیۆندا تەکنیك و هونەری زۆر هەیە کە دەبنە هۆی سەرنج ڕاکێشانی بینەر.

3.کۆکردنەوەی دەنگ و وێنە و جوولە بەیەکەوە: ئەمەش لەوەدا دیارە کەتەلەفزیۆن دەتوانێ لە دەرگای دووهەستی مرۆڤ بدات کەئەوانیش گوێ و چاون، وێنەی وەستاو هەرچەند رێك و پێك بێت، ناتوانێت جێگایی وێنەی جولاو بگرێتەوە؛ چونکە وێنەی جولاو زۆرجار واله بینەر دەکات لەگەڵ رووداودا بژی و خۆی لەناو بابەتەکەدا ببینێتەوە.

4.دەتوانێت کات کوورت بکاتەوە بەتایبەتی لەکاتێکدا ڕووداوێك لە ماوەیەکی زۆر دوور و درێژدا رویداوە، ئەو لە چەند خوولەکێکدا پێشانی بدات .

5.دەتوانێت روداو لەگۆشەنیگایێکی نوێدا پیشانبدات.

6.دەکرێت رووداوەکان چەند جارێك دووبارە بکرێنەوە ئەگەر هاتوو پێویستی کرد بەتایبەتی بۆ تێگەیشتن و لێکۆلینەوە لە هەموو بوارەکاندا .

7. بەکارهێنانی رەنگ مێژووی بەکارهێنانی رەنگ لە تەلەفزیۆندا ,دەگەرێتەوە بۆ ناوەراستی شەستەکانی سەدەی بیستەم کەئەمەش خۆی لە خۆی دا پێشکەوتنێکی تر بوولەخزمەت گوزاری تەلەفزیۆن بۆ وەرگر.

8. جۆراو جۆری بابەت و پرۆگرامی تەلەفزیۆن: بە درێژایی رۆژو شەو گەلێك بەرنامەی جۆراو جۆر پێشان دەدرێن کە ئارەزوو و حەزی بینەر تێردەکەن (حمید جاعد الدلیمی2011،لا293)

## چوارەم: ژمارەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە کوردستان

بەپێی ئاماری سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لە ساڵی 2019، 867 ڕۆژنامە و گۆڤاری متمانە پێکراو هەن کە 618 گۆڤار و 249 ڕۆژنامەن، زیاتر لە هەشت هەزار کەس ناویان لە سەندیکا وەك ڕۆژنامەنوس تۆمار کراوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی ڕۆشنبیری 169 کەناڵی ڕادیۆیی و 165 کەناڵی تەلەفزیۆنی لە کوردستان هەن کە 39 کەناڵی ئاسمانی و 126 کەناڵی ناوخۆیین، بەم شێوەیە لە هەرێمی کوردستان کەژمارەی دانیشتوانی شەش ملیۆن کەسە بۆ هەر 36 هەزار کەسێك کەناڵێکی تەلەفزیۆنی هەیە.
لە حاڵەتێکد لە وڵاتێکی وەك هندستان ژمارەی دانیشتوانی ملیارێك و 400 ملیۆن کەسە، خاوەن 461 زمانە و 10 ئاینی فەرمی لە دەستور دانی پێدا نراوە تەنها 872 کەناڵی ئاسمانی و لۆکاڵی هەیە واتا هەر ملیۆنێك و 600 هەزار کەس یەك کەناڵی تەلەفزیۆنی بەر دەکەوێت, کەوابێت کوردستان 45 ئەوەندەی هیندستان کەناڵی تەلەفزیۆنی هەیە، لە ئەڵمانیا تەنها 55 ڕادیۆ و 11 کەناڵێتەلەفزیۆنی هەیە بۆ سەرتاسەری ئەڵمانیا، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشوانی سەرو 80 ملیۆن خەڵکە و لە 10 هەرێمی فیدراڵ پێکهاتووە، لە ئەڵمانیا دوو کۆمسیۆن بە بەردەوامی چاودێری کەناڵەکانی ئەڵمانیا دەکەن؛ کۆمیسۆنێك بۆ میدییا ئەهلییەکان و کۆمسیۆنێك بۆ میدیا حکومییەکان. (فائیز ئیبراهیم، 2020، لا144)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی سێیەم: هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی دراما بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان

هیچ دیاردەیەک و گرفتێکی کۆمەڵایەتی بێ هۆکار و پاڵنەر نییە، بۆیە بڵاوبونەوەی درامابیانییەکان لە هەرێمی کوردستان دەکرێت چەندین هۆکارێکی هەبێت، هەوڵ دەدەین لەخوارەوە سەرەکیترین هۆکارەکان بخەینە ڕوو.

**یەکەم**: هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان

دراما و ڕۆمان دیاردەیەکی شارنشینە و لەشاردا خواستی زۆر لەسەرە، زۆربوونی شارنشین دەبێتە هۆی زۆربوونی بینەری دراما. کەمی ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەی هەر نەتەوەیەکیش دەبێتە هۆی ئەوەی تاڕادەیەك کۆمەڵگەیەکی کراوەبێت، لەکۆمەڵگە کراوەکانیش تاك لەگەڵ داهێنان و شتی تازە دەگونجێت (TS Eliot,1950,p92) بۆیە دەکرێت بڵێین بڵاوبونەوەی دراماش لە کوردستان دیاردەیەکی تازەیە.

جیهان بینی و حەزکردن بە دیتنی کەلتور و دیمەنی تازە، بۆتە هۆکارێك بۆ برەودان بەم بوارە. لاوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و کەمی هاموشۆ و میوانداری بۆتە هۆی بەهادارکردنی درامای بیانی، هەروەها لەڕووی دەروونییەوە ئەو تاکانەی حەز بەتێکەڵی و قەرەباڵغی ناکەن زۆرتر سەیری دراما و تیڤیەکان دەکەن (Tim Crook,2001, p54 ) زۆرێك لە گەنج و هەرزەکارەکان بۆ چێژ وەرگرتن لە دیمەنە ڕۆمانسیەکان سەیری ئەو درامایانە دەکەن. توێژینەوەکان سەلماندوویانە، لەهەر وولاتێك بینەری دراما زۆر بێت مانای ئەوەیە خوێنەری کتێب کەمە (Thaddeus Wakefield,2004,p74 ) لە کوردستانیش ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت.

هەمیشە مرۆڤ حەز دەکات جیهان و دیمەنێکی جوانتر ببینێ لەوەی کەخۆی تیایەتی، زۆرجار بۆ بینینی ئەو شتەی لە مێشکمانە و حەزی لێ دەکەین؛ پەنا بۆ دراماکان دەبەین. هەروەها دەکرێت سەیرکردنی دراما بەهۆی ڕاهاتن یان لاسایکردنەوە بێـت، لەلایەکی ترەوە ڕیکلام و بانگەشە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی بینەر بۆ دراماکان (Shifra Schonmann,2001,p102 )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم** : هۆکاری سیاسی

زۆری ژمارەی کەناڵەکان و بوونی ئازادی ڕاگەیاندن و دامەزراندنی کەناڵی گشتی و تایبەتی، بۆتە هۆی ئەوەی تیڤیەکان بۆ سەرنج ڕاکێشانی بینەر و پڕکردنەوەی کاتی پرۆگرامیان، دراماکان پەخش بکەن (Eleonora Belfiore, PTE, P93.). زۆرێك لە سیستەمە سیاسییەکان ئاسودەن بەوەی تاك سەرقاڵی درامایەك بێت نەك خوێنەرێکی سیاسی کە ئاگای لەشێوازی بەڕێوەبردن و سیستەمی سیاسی ووڵات بێت، دەسەڵاتە لەرزۆکەکان لاریيان نییە لە پەخشکردنی دراماکان بۆئەوەی لەڕەخنە و چاوکراوەیی تاك ڕزگاریان بێت.

نەبوونی لیژنەیەکی پسپۆڕی چالاك و خاوەن دەسەڵات بۆ لە فلتەردانی ئەو درامایانە، هۆکارێکە بۆ زۆری و بۆری دراماکان؛ سەرباری ئەوە زۆر لاوی بێکار هەیە و کاتی زۆرە؛ بۆیە پەنا دەباتە بەر سەیرکردنی دراماکان. نەزانینی مەترسیەکانی بڵاوبونەوەی دراماکان یان خەمساردی و بەرگری نەکردن لە سەپاندنی کەلتوری بێگانە، بۆتە هۆی دروستکردنی ئەم بارە لە هەندێک وڵات.

**سێیەم**: هۆکاری هونەری

برەونەدان و هاوکاری نەکردنی درامای ناوخۆیی و پێنەگەیاندنی تاکی خاوەن خەون و ئەکتەری باش لە هەروڵاتێکدا دەبێتە هۆی کەمی درامای ناوخۆیی و زۆر بونی درامای وەرگێڕدراو ( Katie Normington,2004,p133 ) کەمی (دەق، سیناریۆ، دەرهێنەری مەزن، ئەکتەری بەتوانا، هاوکاری ماددی، یەکدەستی ئەکتەران،... هتد) بۆتە هۆی کەمی درامای ناوخۆیی وڵاتان و سوڕانەوە لە دەوری چەند بابەت و ڕووداوێکی سنوردار کە چیتر بینەری لۆکاڵی تاسەیان ناشکێ و تامەزۆری شتی جوانترن ئەویش لە دراما بیانیەکان بەدی دەکەن (Brian Woolland,2009,p123 ) جیاوازی شێوەزار، کۆسپ و بەربەستێکی گەورەیە لە بەردەم درامای کوردی؛ لەبەرئەوە ئەستەمە درامایەکی کرمانجی لەسلێمانی بینەری هەبێت، یان بە پێچەوانەوە. بۆیە درامای بیانی لەکوردستان زیاتر بڵاوە.

هیچ درامایەکی کوردی نییە وەرگێردرابێتە سەر زمانێکی تر، چونکە لە درامای کوردی گرێکان سادەن، دەقەکان جیهانی نین، روداوەکان چڕ نین، ئەکتەرەکان پڕ ئەزمون نین، هتد... بۆیە دەبێت هەمیشە وەرگر بین نەك بەخشەر.

**چوارەم:** هۆکاری ئابووری

لەو شوێنانەی زۆرینەی دانیشتوانی مووچە خۆرن، تاك پاش کارەکەی لە ماڵەوە کاتەکانی خۆی بە سەیرکردنی تەلەفزیۆن و دراما بەسەر دەبات. لەهەر وولاتێك هەژاری کەم بوون، تاك دەرونی ئارامە و حەز بە خەیاڵ پڵاوی دەکات، دراماکانیش باشترین هۆکارن بۆ دروستکردنی ئەم جیهانی خەونە (Patrice Baldwin,2009,p194) خێزانی کوردیش شەوان لەماڵەوەیە و کاتی پشویەتی، بۆیە کاتی شەویان بەودرامایانەوە بەسەر دەبەن. ئەو وولاتانەی بەرهەم هێنن و وولاتێکی پیشەسازین تاکەکان کاتیان کەمە (David Hornbrook, 1998, p159 ) بەڵام ئێمە لەو جۆرە کۆمەڵگە نین و تاکەکانمان کاتیان زۆرە. ئێستا تاك و خێزانی کورد لەتوانای هەیە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەك(تەلەفزیۆ، سەتەلایت، ئینتەرنێت، هتد...) بکرێت، هەبوونی ئەم ئامرازانەش مانای دیتنی بەرنامە و کەناڵی جیاوازە.

لەم ماوەیە زۆر کۆمپانیای وەرگێڕان دامەزراون و کۆمەڵێك دۆبلێر و کارمەندیان هەیە کە لەبەرامبەر ئامادەکردن و وەرگێڕانی درامایەك بڕێک پارەیان دەست دەکەوێت و بۆتە دابینکەری داهات و بژێویان. زۆرێك لە کۆمپانیاکان لە بەرامبەر ڕیکلام کردن بۆیان لە ناوەندی دراماکان، دەبن بە سپۆنسەر و هاوکاری دراماکان، ئەمەش یارمەتی کەناڵەکان و کۆمپانیا وەرگێڕەکان دەدات .

## تەوەرەی دووەم/ لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە

## بەشی چوارەم: چوارچێوەی تیۆری و کاری مەیدانی توێژینەوەکە.

### یەکەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و هەڵبژاردنی نمونە.

**أ. کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە قۆناغێکی گرنگە لە پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوە، بەئەندازەیەك سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی توێژینەوەکەی لەسەر وەستاوە. بۆ ئەم توێژینەوەیەش کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە قەزا (دەڤەرداری) ناوەندی پارێزگای هەولێر.

**ب. هەڵبژاردنی نمونە:**

هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوە کارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی توێژینەوەکە، ئەم توێژینەوەیەش بەشێوەیەکی مەبەستدار( 100) تاکمان لە تەمەن و ڕەگەزی جیاواز هەڵبژراردووە کە بریتین لەو تاکانەی ڕۆژانە زیاتر لە دوو کاتژمێر سەیری دراما دۆبلاژکراوەکان دەکەن.

نمونەی مەبەستدار یەکێکە لە نمونە نائەرگەرییەکان واتا سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە چانسی ئەوەیان نییە ببنە نمونەی توێژینەوەکەمان، ئەم جۆرە نمونەیە توێژەر بە مەبەست ئەندامەکان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دیاری دەکات نەك بەشێوەیەکی هەڕەکەمی، ئەویش دەبێت ئەندامان ئەو تایبەتمەندییەیان تێدابێت و لەگەڵ ناونیشان و گرفتی توێژینەوەکە بگونجێن و بەڕاستی نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکەن (Sharma, B.A.V.1983,p127).

**دووەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

چەندین ئامرازی گرنگ هەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کە توێژەرانی کۆمەڵناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە توێژینەوەکانیاندا پشتی پێ دەبەستن. ئەو ئامرازەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بریتیە لە ( فۆرمی راپرسی)، ئەویش لە کۆمەڵێك پرسیاری زانستی ڕێکخراو بوو بۆ(30) پرسیار بەپێی ناوەرۆك وئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**سێیەم: میتۆدی توێژینەوە و بوارەکانی**

**1. میتۆدی توێژینەوەکە:**

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم توێژینەوەیەدا (میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی/ ڕوپێوی شیکاری) مان بەکارهێناوە، ئەم میتۆدە زیاتر توێژینەوە لەسەر دوو گۆڕاو یان زیاتر دەکات، واتا کاریگەری ڕوداوێك لەسەر ڕوداوێکی تری ژیان، ئەم میتۆدە خزمەت بە پلانی کۆمەڵایەتی دەکات و دەتوانێت ئایندە بینی دروست بکات، هۆکارێك بووە بۆ توێژینەوەکردن لەسەر کێشە کۆمەڵایەتیەکان و خستنەڕووی چارەسەر بۆیان، لە ڕێگەی میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتیەوە زانیارییە ئامادەکراوەکان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەردەگیرێت لەمیانەی فۆرمی ڕاپرسی ئامادەکراو، ئامانجی ئەم میتۆدە گشتاندنی ئەنجامەکانی زانیارییە کۆکراوەکانە یان دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو یان زیاتر. (Berg, B, 1998, p77)

**2. بوارەکانی توێژینەوە:**

**أ) بواری شوێن:** سنوری جوگرافی ئەم توێژینەوەیە بریتییە قەزای ناوەندی پارێزگای هەولێر.

**ب) بواری مرۆیی:** ئەم توێژینەوەیە کەسانە دەگێرێتەوە کە ڕۆژانە زیاتر لە دوو کاتژمێر سەیری درامای بیانی دەکەن.

**ت) بواری کات:** ئەم توێژینەوەیە لە ڕێکەوتی (2020/3/19 ) دەست کراوە بە کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە بواری تیۆری و لە (2020/6/13) کۆتایی هات، بەڵام بواری پراکتیکی لە 2020/6/23 لەگەڵ ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە دەست کرا بە کۆکردنەوەی زانیاری و لە 2020/7/7 بواری پراکتیکی کۆتایی هات.

## بەشی پێنجەم:خستنەڕو و شیکردنەوەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان

**یەکەم** : زانیارییە گشتییەکان

1. ڕەگەز: 63% ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی مێ بوون و 37% لە ڕەگەزی نێر بوون.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. تەمەن: 29% ئەندامان تەمەنیان لە نێوان 18-22 ساڵییە، 24% ئەندامان تەمەنیا لەنێوان 23- 27 ساڵییە، 26% ی ئەندامان تەمەنیان لەنێوان 28-32 ساڵییە، 21% ی ئەندامان تەمەنیان لەنێوان 33- 37 ساڵییە، کەواتە زۆرینەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە لە توێژی گەنجن.

3. باری کۆمەڵایەتی: 57% ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە سەڵت بوون و 43% خێزاندار بوون.

4. بڕوانامە 26% ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بڕوانامەی ناوەندییان هەیە 24% ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بڕوانامەی ئامادەییان هەیە، 33% ی ئەندامان بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە، : 27% ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە.

**دووەم**: زانیارییە تایبەتییەکان

| ژ | پرسیار | لەگەڵم | بێلایەنم | لەگەڵ نیم | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پەخشکردنی دراماکان بوونەتە هۆی زیادکردنی ناپاکی هاوسەری. | %49 | %16 | %35 | %100 |
| 2 | پەخشکردنی دراماکان یەکێکن لە هۆکارەکانی زۆربونی ڕێژەی تەڵاق. | %53 | %17 | %20 | %100 |
| 3 | دەبێتە هۆی زۆربوونی خۆکوژی. چونکە کاتێک ئەکتەرەکان خۆیان دەکوژن ڕێگایەک پیشانی تاک دەدەن بۆ ڕزگاربون لە مەینەتییەکانی ژیان | %57 | %18 | %25 | %100 |
| 4 | کاریگەری هەبووە لەسەر لاوازکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان. | %66 | %19 | %15 | %100 |
| 5 | کاتێک ئەکتەرەکان توشی کێشە دەبن و خەمیان دەبێت مەشروب و ماددەهۆشبەرەکان بەکار دەهێنن ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێگایەک پیشانی تاک بدات لەو جۆرە دۆخەدا پەنایان بۆ ببات. | %56 | %17 | %27 | %100 |
| 6 | ئەو پلانە تاوانکارییانەی لە دراماکان پیشان دەدرێن دەبێتە هۆی تاک فێری تاوان و دزی بکات | %46 | %34 | %30 | %100 |
| 7 | کاریگەری هەیە لەسەر ڕەفتاری منداڵان وشەی ناشرین و ڕەفتاری هەڵەیان فێر دەکات. | %51 | %26 | %25 | %100 |
| 8 | پارە پەرستی و ماددەگەرایی بڵاو دەکاتەوە و جۆرێکە لە بەبازاڕکردن بۆ کاڵاکان | %69 | %21 | %20 | %100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 9 | دراماكان پڕن لە کێشە و پلانی شەڕەنگێزی، ژیان بە ناخۆش و چەرمەسەری دەردەخەن. | %57 | %17 | %24 | %100 |
| 10 | پەیوەندییە خۆشەویستییەکان زیاتر پەیوەندی جەستەیی و سێکسین، بەهۆی ئەم درامایانەوە ئەم دیاردەیە دەگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵگە. | %73 | %16 | %11 | %100 |
| 11 | گیانی تۆڵەسەندنەوە و ڕقئەستوری لەدراماكان هەیە، بەهۆی ئەم درامایانەوە ئەم دیاردەیە دەگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵگە. | %61 | %13 | %14 | %100 |
| 12 | هەندێك لەدراما تورکییەکان سوکایەتی بەکورد وکلتوری کوردی دەکەن بەڵام هەرپەخش دەکرێن وناوە ستێنرێن. | %57 | %13 | %30 | %100 |
| 13 | دراما بیانییەکان لەگەڵ بنەماکانی ئاینی ئیسلام ناگونجێت و هۆکارێکە بۆ دورکەوتنەوە لە ئاین. | %71 | %19 | %10 | %100 |
| 14 | باس شەڕوناکۆکی عەشایەری دەکەن، دەبنە هۆی تۆخکردنەوەی عەشرەتگەری | %40 | %20 | %38 | %100 |
| 15 | ڕوخسار پەرستی و جوان پەرستی لای کچان و کوڕان قوڵ دەکاتەوە و جوانی کەسایەتی لە روخسار کورت دەکاتەوە. | %73 | %13 | %14 | %100 |
| 16 | سەیرکردنی دراماكان دەبێتە هۆی لەدەستدانی کاتێکی زۆر. | %61 | %19 | %20 | %100 |
| 17 | چەندین کاریگەری خراپی هەیە لەسەر منداڵان، لەوانە هەڵگەڕانەوە لەڕوویدایك وباوك وەپشتگوێ خستنی خوێندنەکەیان بەهۆی دراماکانەوە. | %29 | %31 | %40 | %100 |
| 18 | وەزارەتی ڕۆشنبیری کەمتەرخەمە لە دانانی سنور و یاسایەک بۆ پەخشکردن و لە فلتەردانی دارما بیانییەکان. | %79 | %21 | %0 | %100 |
| 19 | لایەنی پەیوەندیدار و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری نەیانتوانیوە وەک پێویست زیانەکانی دراما بیانییەکان بۆ هاوڵاتییان ڕون بکەنەوە. | %53 | %27 | %20 | %100 |
| 20 | دراماكان ڕۆحی خۆبەراورد کردن و سەیرکردنی سەرەوەی خۆی بۆ تاک فراوان دەکات و دەبێتە هۆی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ. | %49 | %23 | %28 | %100 |
| 21 | شەرعیەت دەدات بە چینایەتی لە کۆمەڵگەدا و خۆنمایشکردن و سەرووەت نمایشکردن دەخاتە ناو کۆمەڵگەوە. | %52 | %18 | %30 | %100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 22 | لەناو دراماکان منداڵی ناشەرعی تێدایە و فڕە دەدرێنە سەرشەقامەکان، دوای بڵاوبونەوەی ئەم درامایانە ئەم دراردەکە هاتە ناو کۆمەڵگەی کوردی | %54 | %26 | %20 | %100 |
| 23 | هەرزەکاران و گەنجان لەدراماکان لەماڵەوە هەڵدێن و پشت دەکەنە دایک و باوکیان، دوای بڵاوبونەوەی ئەم درامایانە ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەی کوردی ڕوی لە هەڵکشان کرد. | %37 | %23 | %50 | %100 |
| 24 | پەخشکردنی دراماکان بوونەتە هۆی زیادکردنی ڕێژەی نەشتەرگەری جوانکاری لای گەنجان و چاولێگەری ئەکتەرەکان لای گەنجان دروست دەکات. | %69 | %21 | %10 | %100 |
| 25 | یەکێکن لە ئامرازەکانی داگیرکاری کۆمەڵگە و بەشێوەیەکی نەرم (کەلتور، زمان، جل و بەرگ، کات، هەستی بەرپرسیاری، دینداری....) تاکەکان داگیردەکات. | %61 | %21 | %18 | %100 |
| 26 | دراما تورکییەکان یەکێکن لە ئامرازەکانی پۆشینی جلی تورکی و ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ئەو وڵاتە | %54 | %16 | %30 | %100 |
| 27 | بە پێویستی دەزانم یاسایەک لە پەرلەمان دەربچێت بۆ سنورداناں و لە فلتەردانی دراما بیانییەکان لە کوردستان. | %78 | %12 | %10 | %100 |
| 28 | دراما بیانییەکان بەها و ئاکاری کۆمەڵگە و تاک دەشێوێنێت. | %60 | %29 | %11 | %100 |
| 29 | بەشێکی زۆری ئەودرامایانە لەگەڵ ئەوەی پڕن لەوروژاندنی غەریزەی گەنجان، لەهەمانکاتدا سوکایەتی بەژنان دەکەن و بەسەرچاوەی بێ ڕەوشتی و کێشەی دەزانن. | %48 | %28 | %24 | %100 |
| 30 | دراما بیانییەکان بەختەوەری ساختە و مادییانە دروست دەکات بەوەی ئەگەر(خانو، سەیارە، بڕوانامەی بەرز، کوری باش، جوانی،...) هەبێت ئەوا کەسێکی بەختەوەریت و ئەگەر مانەت نەبێت ئەوا نابێت خۆت بە بەختەوەر بزانیت. | %81 | %17 | %2 | %100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام:

1. پەخشکردنی دراماکان بوونەتە هۆی زیادکردنی ناپاکی هاوسەری و زۆربونی ڕێژەی تەڵاق. هەروەها لەناو دراماکان منداڵی ناشەرعی تێدایە و فرەە دەدرێنە سەرشەقامەکان، دوای بڵاوبونەوەی ئەم درامایانە ئەم دیاردەیە هاتە ناو کۆمەڵگەی کوردی
2. ئەو پلانە تاوانکارییانەی لە دراماکان پیشان دەدرێن دەبێتە هۆی تاک فێری تاوان و دزی بکات، چەندین کاریگەری خراپی هەیە لەسەر منداڵان، لەوانە هەڵگەڕانەوە لەڕوویدایك وباوك وەپشتگوێ خستنی خوێندنەکەیان بەهۆی دراماکانەوە. هەوەها کاریگەری هەیە لەسەر ڕەفتاری منداڵان وشەی ناشرین و ڕەفتاری هەڵەیان فێر دەکات.
3. دراماکان پڕن لە کێشە و پلانی شەڕەنگێزی، ژیان بە ناخۆش و چەرمەسەری دەردەخەن ئەمەش دەبێتە هۆی زۆربوونی خۆکوژی. چونکە کاتێک ئەکتەرەکان خۆیان دەکوژن ڕێگایەک پیشانی تاک دەدەن بۆ ڕزگاربون لە مەینەتییەکانی ژیان
4. پارە پەرستی و ماددەگەرایی بڵآو دەکاتەوە و جۆرێکە لە بەبازاڕکردن بۆ کاڵاکان، دراما بیانییەکان لەگەڵ بنەماکانی ئاینی ئیسلام ناگونجێت و هۆکارێکە بۆ دورکەوتنەوە لە ئاین. هەروەها شەرعیەت دەدات بە چینایەتی لە کۆمەڵگەدا و خۆنمایشکردن و سەروەت نمایشکردن دەخاتە ناو کۆمەڵگەوە.
5. پەیوەندییە خۆشەویستییەکان زیاتر پەیوەندی جەستەیی و سێکسین، بەهۆی ئەم درامایانەوە ئەم دیاردەیە دەگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵگە. بەشێکی زۆری ئەودرامایانە لەگەڵ ئەوەی پڕن لەوروژاندنی غەریزەی گەنجان، لەهەمانکاتدا سوکایەتی بەژنان دەکەن و بەسەرچاوەی بێ ڕەوشتی و کێشەی دەزانن.
6. ڕوخسار پەرستی و جوان پەرستی لای کچان و کوڕان قوڵ دەکاتەوە و جوانی کەسایەتی لە روخسار کورت دەکاتەوە. پەخشکردنی دراماکان بوونەتە هۆی زیادکردنی ڕێژەی نەشتەرگەری جوانکاری لای گەنجان و چاولێگەری ئەکتەرەکان لای گەنجان دروست دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7. وەزارەتی ڕۆشنبیری کەمتەرخەمە لە دانانی سنور و یاسایەک بۆ پەخشکردن و لە فلتەردانی دارما بیانییەکان. لایەنی پەیوەندیدار و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری نەیانتوانیوە وەک پێویست زیانەکانی دراما بیانییەکان بۆ هاوڵاتییان ڕون بکەنەوە.

8. دراما بیانییەکان بەختەوەری ساختە و مادییانە دروست دەکات بەوەی ئەگەر(خانو، سەیارە، بڕوانامەی بەرز، کوری باش، جوانی،...) هەبێت ئەوا کەسێکی بەختەوەریت و ئەگەر مانەت نەبێت ئەوا نابێت خۆت بە بەختەوەر بزانیت.

## دووەم: پێشنیاز

لەکۆتاییدا چەند پێشنیازێك دەکەین بۆ لایەنی پەیوەندیدار؛ بەتایبەتی وەزارەتی رۆشنبیری و بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنەکان

1. ئەم درامایانە چەندین کاریگەری و شوێنەواری نەرێنییان هەیە لەسەر گەنجانی کورد نابێت هەموو درامایەك وەربگێردرێتە سەر زمانی کوردی و لە تەلەفیزۆنەکان پەخشبکرێن بۆ ئەمەش دەبێت لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبرییەوە لیژنەیەك تەرخان بکرێت بۆ ئەم بابەتە.

2. دەکرێت بە بایەخدان بە دراما کوردییەکان و بەرهەمهێنانی درامای کوردی ڕێگە بگیرێت یان کاریگەری دراما دۆبلاژکراوەکان کەم بکرێتەوە لەسەر بینەری کورد.

3. زۆرینەی بینەران سەیری دراما تورکییەکان دەکەن ئەمەش دەبێتە هۆی زاڵبونی کەلتوری تورکی لەسەر گەنجانی کورد بۆیە دەبێت کۆمەڵێك بڕیار و ڕێنمایی دەربکرێت کە ئاخۆ درامای چ وڵاتێك کەمترین شوێنەواری نەرێنی لەسەر کورد بەجێ دەهێڵێت ڕێگە بەو درامایانە بدرێت دۆبلاژبکرێت.

4. لە تەلەفزیۆنەکاندا بەرنامەی تایبەت تەرخان بکرێت بە هۆشیاکردنەوەی گەنجان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییان و ئاگادارکردنەوەیان لە هەموو ئەو دیاردانەی کە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر بیرو هزریان.

## سەرچاوەکان

1. Eleonora Belfiore and Oliver Bennett,(2008) The Social Impact of the Arts, Printed and bound in Great Britain by
CPI Antony Rowe, Chippenham and Eastbourne.

2. M.J.CAMPBELL (1993), NEW TECHNOLOGY AND RURAL DEVELOPMENT (The Social Impact), by Routledge, London.

3. Ying Zhu, (2008), TV Drama in China, Hong Kong University Press.

4. Elizabeth Thomason,(2001), Drama for Students Volume 12, Gale group, USA.

5.Joe Winston, Drama,(1998), Narrative and Moral Education, The Falmer Press (A member of the Taylor & Francis Group) London.

.6. Kent Cartwright,(1999) Theatre and Humanism_ English Drama in the Sixteenth Century, Cambridge press, United Kingdom.

7. Lance Lee,(2005) The Death and Life of Drama_ Reflections on Writing and Human Nature, University of Texas Press *Austin,* United States of America.

8. Walter J. Meserve &Ruth I. Meserve,(1970) Modern Drama from Communist China , new york university press, USA..

9. ڕابەر ڕەشید، 2008، پێشەکیەك بۆ زانستی ڕاگەیاندن، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

10. دەرسگوتارەکانی مامۆستا فائز ئیبراهیم، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی، قۆناغی چوارەم، دەرسگوتاری کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن، ساڵی خوێندنی 2013 -2014.

11. حمید جاعد الدلیمی، (2011) کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن، و.محمد عبدالله کەلاری، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

12. فائیز ئیبراهیم محەممەد، (2020)، ئەنۆمیی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، لا144.

13 . TS Eliot(1950) Poetry and Drama, FABER & FABER'LTD, London.

14. Tim Crook (2001), Radio Drama_ Theory and Practice, published in the Taylor & Francis e-Library, London.

15. Thaddeus Wakefield, (2004) The Family in Twentieth-Century American Drama, Library of Congress Cataloging-in-Publication Data, Washington.
16. Shifra Schonmann (2011), Key concepts in Theatre Drama Education, University of Haifa press, Israel, 2011.
17. Katie Normington ,( 2004 ) Gender and Medieval Drama , This publication is printed on acid-free paper , Printed in Great Britain.
18. Brian Woolland ,(2009 ) Teaching Primary Drama, Printed and bound in Great Britain by Henry Ling Ltd, Dorchester, Dorset, 2009.
19. Patrice Baldwin,( 2009 ) School Improvement Through Drama, Continuum International Publishing Group, London.
20. *David Hornbrook,( 1998 )* ON THE SUBJECT OF DRAMA, First published by Routledge, London and New York..
.21Sharma, B.A.V(1983 )Research Methods in Social Sciences, New Delhi: Sterling Publishers Pvt. Ltd.
22. Berg, B, (1998)Qualitative Research Methods for the Social Sciences, Needham Heights, MA: Allyn and Bacon.

## Social Impact of Foreign Drama in The Kurdistan Region

**Suren Akram Hamanajm**
Department of sociology, College of Law and international relation, Lebanese French University, Irbil, Kurdistan Region, Iraq
Surenakram30@lfu.edu.krg

### Abstract

Dubbed dramas have become a prominent phenomenon in the Kurdistan Region. Most of the channels are now broadcast live (indoor and air) and have dedicated time. These dramas leave a lot of impact and place on individuals and communities that is why they need to be researched.

The content of this study consists of five sections. In the first part, the outlines of the study and the definition of the concepts are outlined, which include (the problem of the study, the importance of the study, and the purpose of the study). The second part is about history. The good and bad sides of television are the presence of media

outlets in the Kurdistan Region. The third section discusses the reasons for the spread of foreign dramas in Kurdistan, and emphasizes the reasons (political, artistic, economic, and social) for the broadcasting of foreign dramas. The fourth section is dedicated to (research, methods, societies, fields, examples, tools for collecting information). The fifth section is dedicated to (providing information, results, recommendations, recommendations) of the study. Finally, the sources of the study were excluded.

## الأثر الاجتماعي للدراما الأجنبية في إقليم كردستان

**ملخص:**

أصبحت الأعمال الدرامية المدبلجة ظاهرة بارزة في إقليم كوردستان. يتم الآن بث معظم القنوات مباشرة (محلية وجوية) وقد تم تخصيص وقت خاص لها. تترك هذه الأعمال الدرامية الكثير من التأثير والمكان على الأفراد والمجتمعات ، لذا فهي بحاجة إلى البحث.

يتكون محتوى هذه الدراسة من خمسة أقسام. في الجزء الأول تم تحديد الخطوط العريضة للدراسة وتعريف المفاهيم ، والتي تشمل (مشكلة الدراسة ، أهمية الدراسة ، الغرض من الدراسة). الجزء الثاني عن التاريخ. الجوانب الإيجابية والسلبية للتلفزيون هي وجود وسائل إعلام في إقليم كوردستان. أما المبحث الثالث فيناقش أسباب انتشار الأعمال الدرامية الأجنبية في كردستان ، ويؤكد الأسباب (السياسية والفنية والاقتصادية والاجتماعية) لبث الأعمال الدرامية الأجنبية. القسم الرابع مخصص لـ (البحث ، الأساليب ، المجتمعات ، المجالات ، الأمثلة ، أدوات جمع المعلومات). أما القسم الخامس فهو (توفير المعلومات ، النتائج ، الاقتراحات ، التوصيات) من الدراسة. أخيرًا ، تم استبعاد مصادر الدراسة